# ئالآی بەعس و هەڵوەستەیەك

**نوری بێخاڵی**

گومانی تێدانییە کە هەڵکردنی ئالآی هەرێمێك لەتەك ئالآی دەوڵەتی فیدراڵی شتێکی سروشتی و یاساییە ، دیارە لەهەمان کاتدا ئەوە بۆ بیرکردنەوەی کەسێکی کوردیش راستە کە بڕوای پتەو و نەگۆڕی بە عیراقچێتی هەیە و بونیادنانەوەی عیراقی نوێ و پڕکردنەوەی درزەکانی و بەستینەوەی پارچەکانی بە (ئەرکی نیشتمانی!) خۆی بزانێت و هەوڵی لێبراوانەش بدات بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی عیراق لەسەر حسابی شان و ئێسك و پروسکی کورد.

بەلآم ئەوەی کە ئاسایی نییە و تەنانەت جێگەی گومانیشە ، ئەو هەڵوێستەیە کە دوای روخانی بەعس سور بێت لەسەر هەڵکردنی ئالآی سێ ئەستێرەی بەعس ، ئالآیەك کە عروبە لە رەنگەکانی دەتکێ .. شۆڤینیەت لە هێماکانی دەچۆڕێتەوە .. ئالآیەك چیرۆکی قەل و داڵەکانی سەر جەستەی ئەنفالکراو و کیمیابارانکراوەکان و کوندەپۆی سەر کەلاوەی روخێنراوی گوندەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە ، کەچی دەمێکە و تا ئێستا لە نیشتمانی ئەنفال و بەسەرسەری نەتەوەی لەخاچدراو لەسەر بالکۆنی دەزگا و دامەزراوەکانی بەرهەمی قوربانییەکانی سێکوچکەی ( راگواستن و بەعەرەبکردن و بەبەعسیکردن ) و پرۆسەکانی جینۆساید لەتەك ئالآی پیرۆزی کوردستاندا دەشەکێتەوە ، لەوەش وێرانتر و گاڵتەجاڕی تر ئەم هەڵوێستە ناوبنرێ لۆژیکی سیاسی !

هەڵدانی ئەم ئالآ نەگریسە نەك هەر پاساودانەوەیەکی بۆ نییە ، بەڵکو هەر داکۆکیکردنێك لە مانەوەی بە شەکاوەیی لە ئاسمانی کوردستاندا و بەهەرناوێکەوە بێت ، چنینەوەی تەونی رازیکردنی دڵی عەرەب و خۆ بەبچوکگرتن و موجامەلە کردنە... شەرعیەتدان بە مانەوەی ئەم ئالآیە هەوڵێکە بۆ بریندارکردنی یادەوەری نەتەوەییمان و کەمکردنەوە لە بەهای شوناسی کوردبوون .

ئەم هەڵوێستە لاوازە ی کورد لە کاتێکدایە کە سەرەڕای کاری تیرۆریستی و تێکدەرانە و تەکفیرکردنی کورد و حەلآڵکردنی خوێنی کوردان ، هەر هەوڵێك بۆ لادان و هێنانەخوار و دابەزاندنی ئەو ئالآیە لەلایەن گروپگەلی تیرۆریستی و شۆڤینی و پەرگیری عەرەبی عیراقی ، بەوانەش کە لە دەسەلآتی ئێستای عیراقی (هیوا و ئاشتی !) دان نەك تەنها شیاوی گفتوگۆ نییە ، بەڵکو وەك سوکایەتیکردن بە سەروەرییەکانی عروبە و بەکرێگیراوی بۆ ئیسرائیل دەدرێتە قەڵەم ، کەچی هاوکات لەگەڵ ئەم هەڵوێستە دڵڕەشانەی عەرەب ، لەکوردستان پاساوی هەڵکردنی دەدرێتەوە .

ئاخۆ ئەوە چ تەلیسمێك بێت وا لە کەس و گروپێك بکات ئەو ئالآ شوومە بەتەنیشت ئالآی کوردان بشەکێتەوە؟ ئەرێ بەڕاست ئەوە حیکمەت و دووربینی سیاسی و خەمخۆری بەیەکەوەژیان و بەدیموکراسی کردنی عیراقە ، یان هەوڵێکی پاساونەدراوە بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵك و کوێرکردنی هوشیاری نەتەوەیی و نیشتمانیان و دەستگرتن بەبەرژەوەنی تەسکی (ئانی!) و خزمەتکردنی راستەوخۆ و بێ پێشمەرج و پاداشتی پرۆژەی پان عەرەبیزم ؟!